روونکردنەوەیەکی پێویست...
خوێنەری بەڕێز...ئەم چاوپێکەوتنەم بۆ گۆڤاری "قەقنەس"ی نازدار  بەر لە ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئێستا ئامادە کردبوو...لێ بە هۆی نەخۆشکەوتنی سەرنووسەر و ئەندامێکی تری دەستەی نوسەرانەوە و درێژەکێشانی نەخۆشییەکەیان و رووکردنە هەندەران بۆ چارەسەر،بەچاپگەیاندی قەقنەس زۆر دواکەوت و ئاسۆی دەرچوونی تا بێت بەهۆی رووداوە نوێیەکانەوە لێڵ دەبێت... بەداخەوە تا هەنووکە، دەرەتانی سەرپێ کەوتنی بۆ نەرەخساوە...لەگەڵ داوای لێبووردن لە مامۆستا محەمەدی بەڕێز و خوێنەرانی هێژا،وا لێردا چاوپێکەوتنەکە وەک خۆی بڵاودەکەینەوە...بەدڵنیاییەوە  ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکە بایەخی خۆی لەدەست نەداوە و بیروبۆچوونەکانی نووسەر هێشتا گەرموگوڕ و هەنووکەیین... هەڵۆ بەرزنجەیی

## دیداری  لەگەڵ شارەزا و پسپۆری بواری جینۆساید، (محەمەد حەمەساڵح تۆفیق)دا

## ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی

### جینۆساید و ئەنفال

**پ1/کورد بە  چ میکانیزمێک دەتوانێ باشتر لە ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال بکات؟**

و/ ئێمە ئەگەر باس لە ئێستا بکەین، کەوا ورد چی کردووە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە دەستبەجێ بەرەو رووی واقیعێکی کلۆڵ و پڕ لە هەناسەی سارد دەبینەوە و ڕەنگە لە وەڵامی (چی کردووە؟) یەکسەر دەستەواژەیەکی حازر بە دەستمان لەبەردەمدا قوت بێتەوەو و بڵێین "هیچی وای نەکردووە"چونکە تۆ لە ئێستای دوای نزیکەی (26) ساڵ بۆ جێبەجێ کردنی دوا قۆناخی ئەو پلانە ڕەگ قووڵەدا هێشتا لە هەندێک کاری بچڕ بچڕ بەولاوە شتێکی ئەوتۆی نەداوە بە دەستەوە و ئەوانەش تەنها کاری چەند تاکە کەسێکی بەپەرۆشن بۆ ئەو مەسەلەیە و هەریەکەیان بە گوێرەی ئەزموون و ئاستی تێگەیشتنی خۆی شتێکی کردووەو لە دەرئەنجامی کۆتاییدا لە کاری پەرت و بڵاو و زۆربەشی بێ بەرنامە تێناپەڕێت و بەشێکیشیان  لەکاری سۆز ئامێز و خۆشەویستی یەکلایەنەی گەل و نەتەوەکەیان تێناپەڕێت، لایەنی زانستی و بابەتی مامەڵەکردنی فەرامۆش کردووە. ئێمە تەنها لە تاو کەمی کارکردن لەم بوارەدا بەو هەوڵە تاکە کەسیانە دەڵێین لە هیچ باشترە، ئەگەر ئەوەش نەبوایە هەر وەک ئێستا دەبووین. ئەوجا باپرسین ئەمەی کە کراوە چی لێ سەوز بووە و ئاستی تێگەشتن و هوشیاری خەڵکی ئێمەی گەیاندووەتە کوێ، لەم مەسەلە هەستەوەر و ترسناکەدا؟ ئاخۆ هیچ بارێکی هزر و هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵکی گۆڕیوە لەمەڕ ئەوەی چی بکرێت، ئەگەر جارێکی تر جینۆساید بەرپاکرا لەلایەنی دوژمنەکانی کوردەوە، کە تا ئێستاش هەر زۆربە و گەلێکیان هەڵگری هەمان ئەقڵیەتن بە جیاوازی ناویانەوە، من دەپرسم ئاخۆ چ شتێک ڕۆحیەتێکی لای خەڵکی کورد درووست بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردەیەکی تری لەم چەشنە لە ئایندەی نزیک یان دوورماندا؟ ئەڵبەتە بێ دوودڵی لای خەڵک وەڵامێکی حازر بەدەستت لا قوت دەبێتەوە کەوا گەوهەر و ناوەڕۆکی دەچێتە خانەی "هیچ و ئەوپەڕی نائومێدیەوە" و بەم پێودانگەش بێت ئەم کاری کورت و کوێرەشمان هیچی لای خەڵک درووست نەکردووە، و زۆربەمان هەر بێئاگاین لەوەی لەم ڕابوردووە نزیکەماندا چی ڕوویداوە و دەبێ لەئاستیدا هەڵوێستمان چی بێت.
بێگومان ئەم حاڵەتە خەتای خەڵکی تێدا نیە چونکە گرفتاری دەستی ئەقڵیەتێکی ئیدارەدان و حوکمڕانی بووە کەوا نازانێت چۆن و بە چ پێوەرێک کار لەسەر ئەم کەیسە بکات و بێجگە لە هەندێک کاری بێسەروبەر و دروشمبازی و فووکردنە خۆی ئیعلامی پڕ لە چاوبەستەگی و هەڵخەڵەتاندن شتێکی ئەوتۆی پێنەکراوە و نەیتوانیوە بیکاتە پرۆژەیەکی زانستی فرە ڕەهەند و دوور مەودا . ئاخر ئەقڵیەتێک کە تا ئێستادا نەیتوانیبێت بەرنامەیەکی پەروەردەیی بەرهەم بێنێت و نەتوانێت نەوەکانی گۆش بکات بەم کەیسە خەتەرناکە دەبێ داوای چی لێبکەیت؟ تۆ ئێستا گەنجێکی کچ و کوڕی

فراوانت بۆ درووست بووە کە دەبێت ئایندەی ئەم وڵاتەیان لەسەر بنیات بنێیت بەڵام هیچ شتێکت پێنەداوە لە بارەی مێژووی دوێنێوەو زۆر بێئاگات کردووە لەم مێژووە و لە هەڵڵا و بگرێکی دروشمبازی کاڵ و کرچ بەولاوە هیچی تری لێنازانێت و لە زانکۆش دەردەچێت هیچ شتێک لەم ڕووەوە تێنەگەشتووە تۆ دەبێت داوای چ هەڵوێست و بەرهەم و ڕۆحیەتێکی لێبکەیت؟ لە سەرێکی ترەوە کوا مۆزەخانەو سەنتەری لێکۆڵینەوەت لەم بوارەدا؟ بۆ تا ئێستا ئامارێکی درووستت نیە بۆ قوربانیەکانت و سەری زمان و بنی زمانت ڕەقەمێکی ئەبستراکتی بێ ڕۆحە کە هیچ مانایەک نابەخشێتە کەیسەکە. قوربانیەکانی خەڵک تا ئێستا وەک کەرەستەیەکی کڕینی لایەنداری مامەڵەی پێوەدەکرێت و هیچ شکۆ و شانازییەکت بۆ نەگێڕاوەتەوە و نەتکردووە بەو خەتە سوورەی جیاوازی و ململانێکانت نەیبەزێنێت و لەسەر ئەو خەتەو مانا و بەهاکانی ئەو خەتە بوەستیت و نەتوانی لەو دیویەوە ئێسکی براکەت بشکێنیت.

تۆ لە ڕەوشێکی هێندە نارێک و زەمینەیەکی هێندە لەرزۆک و ئاسمانێکی هێند سەر بە دووکەڵدا بژیت باری ئابووری – سیاسی – فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیت هێندە هەڵوەشاو و داتەپیوبێت و مانایەکت بۆ مێژوو بەها پیرۆزەکانی خەڵک نەهێشتووەتەوە، بە چیتەوە دەبیتە خاوەن پرۆژەیەک بۆ مامەڵەی ژیرانە و زانستیانە لەسەر کەیسێکی ئاوها ئاڵۆزی وەک جینۆسایدی کورد، تۆیەک تا ئێستا قوربانی و پیاوکوژت لا ڕوون نەبووبێتەوە و لێیان جیا نەکەیتەوە لە لیستی شەهید و قوربانیەکانتدا چۆن دەتوانی کارەکە بە ئاقاری سرووشتیی خۆیدا ببەیت؟ تۆیەک تا ئێستا لە هەر قۆرتێکی بچووکی ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوتدا لە ئاست کەس یان لایەنێکی بەرانبەرتدا بگەڕێیتەوە چاخ و سەردەمی ژیانی ئەشکەوت، ئاخۆ دەبێ ئەم ئێستایە چی لە هەناوابێت بۆ ئایندە و سبەینێیەکی‌دواتر؟

من ئەم هەڵسەنگاندنەم لە واقیعی کەسێکی ڕەشبینەوە باس ناکەم بەڵکوو لە واقیعێکی تاڵ و تفتی واوە باس دەکەم کە هەموومان تێیدا دەژین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

باشە ئەمە ئاستی مامەڵەکردنی ناوخۆمان بێت ئاخۆ دەبێت بۆ دەرەوەی خۆمان چیمان پێبکرێت، کوا بەڵگەمان کوا مامەڵەی هاوچەرخمان لە بواری فەرهەنگ و هونەر و ... تاد.

ئێمە ئەگەر بمانەوێت کەیسی جینۆسایدمان بە دەرەوەی خۆمان بناسێنین پێویستە کاری جیددی بۆ بکەین بۆ سوود وەرگرتن لەو گەل و وڵاتانەی هاوشێوەی ئێمەن بتوانین شتێک لە ئەزموونی ئەوان بگوێزینەوە و لای خۆمان بەرجەستەی بکەین و دەکرێت پسپۆڕو شارەزاکانی ئەوان بانگهێشت بکەین بۆ لای خۆمان و لێرە کۆرسی ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون ساز بکەین و بە کردەوە ڕێنماییەکانیان پەیڕەو بکەین و بیگونجێنین لەگەڵ ڕەوشی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیماندا، ئەوجا با کاربەدەستانی ئێمەش لێرەوە کەس و دەزگای گونجاو پێکبهێنن بیاننێرنە ئەو وڵاتانە و بەرپرسیان بکەن لە ئەنجامدانی کاری هاوشێوە نەک ناردنی کەسانی نەشارەزا بۆ گەشت و گوزاری وڵاتان بەم ناوەوە، دەبێت مەسەلەکە لای ئێمە ببێتە پرۆژەیەکی زانستی درێژخایەن و دوور لە میزاج و میزاجکاری ئەم و ئەو، تاکە کەس بێت یان دەزگا و دامەزراوەی جیاواز، دەبێت مەسەلەکان بە یاساو تەشریعی پەرلەمان و حکومەت بێ و مەسەلەی پابەندبوون پێیانەوە گرنگە و بەمە دەتوانرێت بنەمای ناساندنی ڕاستەقینە دامەزرێت و پسپۆڕی کارامەی تێدا پێبگەیەنرێت.

**پ2/ چۆن دەتوانین لەم هەل و مەرجەدا پرسی هەڵەبجە و ئەنفال بە سوودی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت وەگەڕ بخەین؟**

و2/ ڕەنگە وەڵامی پرسیاری یەکەم هەمان وەڵام بێت بۆ ئەم پرسە. ئەڵبەتە پرسی ئەنفال و هەڵەبجە خۆی لە پرسی سەرەکی جینۆسایدی کورددا دەبینێتەوە کەوا فەیلییەکان، بارزانییەکان، ئەنفال، هەڵەبجە، بالیسان و شوێنانی تری کیمیایی بارانکراو هەموو وێستگەن لە زنجیرە پرۆسەیەکی گشتگیردا، بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەقەتی و ئیفلیجییەی دەوڵەتی عیراقی تێدا دروست بوو، بە پێی بەرژەوەندیی ئیمپریالیستی زلهێزەکانی ئەو دەمەی جیهان کە پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە بوو و لەم نێوانەدا گەلی کورد زیانمەندترینی ئەو گەلانە بوو کە بەدەر لە ویست و ئیرادەی خۆی خاکەکەی بەش بەش کرا و لکێنرا بە دەوڵەتە تازە درووستبووەکانی ناوچەکەوە، بەشی باشووری وڵاتەکەی خرایە سەر ئەم عیراقی تازە درووستکراوەوە ، کەوا پێکهاتەکانی جۆراوجۆر بوون بە زۆرینەی عەرەب و کەمینەی کورد و گروپی ئەتنیکی تر بە جیاوازی ئاین و مەزهەبەوە نەتەوەی سەردەست لەم دەوڵەتەدا عەرەب بوو کەوا بە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی شۆڤێنیەتی نەتەوەیی گەورە و درووستبوونی حیزبە ناسیۆنالیستەکانیان، کە زۆربەیان ماکی

فاشیزمیان تێدابوو بەجۆرێک تادەهات مەسەلەی چەوساندنەوەی کورد یان کەمینەکانی تر زیاتر گەڵاڵە دەبوو لایان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست و پیرۆزییان دەدا بە چەمکی نیشتمان و نیشتمانپەروەری لەم پێکهاتە نوێیەی عێراقدا و هەر ویست و ئیرادەیەکی ڕەوای کوردیان بە ناپاک تەماشا دەکرد و تا دەهات پەرگریی ناسیۆنالستی لەلایان زیتر پەرەی دەسەند تا دواجار بەوپەڕی تێپەڕاندنی تەواوی بەها و نەریت و یاسا نێودەوڵەتی شکایەوە لای حیزبی بەعس، وەک حیزبێکی ناسیۆنالیستی پەڕگری عەرەبی، کە لەگەڵ کوردیدا تا ئاستی بەرپا کردنی جینۆساید ڕۆیشت. من مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ ئەم کەیسە بە یەک پاکێج تەماشا بکرێت و بە پێی زنجیرەبەندی زەمەنی لە سیاقی مێژووی خۆی داینەبرێت، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەوەشدام کە پرسی ئەنفال و هەڵەبجە لەو زنجیرەبەندییەی جینۆسایدی گەلی کورددا هێجگار کاریگەرە و دەکرێ تەواوی ڕەهەندە ترسناکەکانی بەکار بهێنرێت و تیشکی بخرێتەسەر بەسوودی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت لە ئایندەدا و بە تایبەتی هەردوو پرسەکە لە دادگای باڵای تاوانی عێراقدا دانی پێدا نراوە وەک کردەوەی جینۆساید و پێویستی قەرەبووکردنەوە لە سەریان، بێجگە لەوە لە گەلێ پەرلەمانی وڵاتانی کاریگەرەوە دانی پێدانراوە وەک جینۆساید و هاوسۆزییەکی باشی هەیە لە لایەن زۆرێک لە وڵاتان و میللەتانی دنیاوە سەبارەت بە کەیسی ئەنفال و هەڵەبجە و لێرەوەیە کەوا پێویستە خۆمان کارەکە بەشێوەیەک بخەینە گەڕ کەوا تەنها لە جوغزی هاوسۆزی و بەزەییدا نەمێنێتەوە و لە ڕێگەی یاسایی و فەرهەنگی جیاجیاوە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دام و دەزگاو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی جۆرا و جۆرەوە بەهێز بکەین و بە هۆکاری هاوچەرخ ئاڵوگۆڕی زانیاری و دۆکۆمێنتیان لەگەڵ بگۆڕینەوە و سوودی تەواو لە ئەزموونی میللەتانی جینۆسایدکراوی هاوشێوەی خۆمان ببینین و بەرنامە و کاری خۆمان لەم بوارەدا بە ئەزموونی ئەوان دەوڵەمەند بکەین چیتر واز لە کرۆزانەوە و سۆز ڕاکێشانی زارەکی ئەم و ئەو بێنین و بایەخی زانستی بە مەسەلەکە بدەین هەر لە کاری دوکیۆمێنتەری و لێکۆڵینەوەی فرە ڕەهەند و بگرە هەتا دەگاتە سازکردنی پانۆراما و مۆنۆمێنتی هاوچەرخ و پشت بەستوو بە یاسا و تەشریعی پەرلەمان و حکومەت، کە چیتر میزاجی ئەم بەرپرسی حکومەت و حیزبی تێدا نەبێتەوە، کە ئەگەر ئەقڵی بڕی لای لێبکاتەوەو ئەگەر نەیبڕی فەرامۆشی بکات. پێویستە مەسەلەکە ئاستێکی باڵا و بایەخداری نەتەوەیی و مرۆڤپەروەری پێبدەین، دوور لە ململانێ و پێشبرکێی حیزبایەتیی ئاست نزم و سەقەت و کورتبین. ئەڵبەتە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی بە هەدەردانی بوودجەی گشتی بەشێوەیەکی سەرپێی و لەبەر خاتری ڕازی کردنی ئەم گرووپ و ئەو تاقم دەبێ لێپرسینەوەی یاسایی تێدا بکرێت و کارەکە بەزیانگەیاندنی مێژوویی خەتەرناک دەشکێتەوە بەسەر خەڵک و ئیرادەی خەڵکدا و دواجار لەبازرگانی کردنێکی هەرزان بەها تێناپەڕێت بەقوربانیەکانمانەوە و لەجیاتی ئەوەی شکۆو بەهای شیاوی خۆیان بۆ بگێڕینەوە بێبایەخیان دەکەین و لەم ڕەفتارەدا لەگەڵ نیازو مەبەستی دوژمنەکانمان یەکدەگرینەوە کەوا سوودیانلەبێبایەخ کردنی مرۆڤەکان وەرگرتووە و لەو ڕێگەیەوە کاریان بۆ ئاسان بووە کەسیاسەتی جینۆساید ئەنجام بدەن و بە ئاسانی بۆیان چووەتە سەر.

سوود وەرگرتن لەپرسی ئەنفال و هەڵەبجە دەبێ لەئاستی ناوخۆدا برژێتەچوارچێوەی لۆجیکی دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بووژاندنەوەی بەهاکانی چەسپاندنی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی مافی گرووپ و تاکە کەسەوەو دامەزراندنی بناغەی سیستەمێکی حوکمڕانی و ئیدارەدان کەوا مافی ڕەوای خەڵک دابین بکات و لەو ڕێگەیەوە بەرەورووی ئەرکەکانی خۆی بکەیتەوە بەرانبەر بەکۆمەڵگەو نیشتمان، حکومڕانییەک کەوا تێڕوانینێکی ڕوونی هەبێت بۆ ئیدارەدانی سیاسەت و ئابووری لە وڵاتێکی هەرەسهێناو وداڕووخاو بەسەریەکەوە نەماودا.حوکمڕانییەک کەئیرادەو هەڵوێستی هەبێت لەئاست ئابوورییەکی تاکلایەنەی نەوتدا لەوڵاتێکی کشتوکاڵ تێکشکاو و بێبەرهەمدا ، لەوڵاتێکدا کەهەموو خەڵکەکەی بەکاربەردا و ئاسۆیەکی ڕوونی گەشەکردنی سروشتی لێوەدیار نەبێت.

ئەلبەتە لەواقیعێکی ئاوها ناجێگیردا لە ڕووی سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگەوە،کەتۆ کاری جیدیت نەکردبێت بۆ چارەسەری دەردەکانی مەحاڵە بتوانی پرسێکی گەورەی وەک ئەنفال و هەڵەبجەی بەباشی تەوزیف بکەیت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک کەنەزانی سەری لەکوێوەیەو دنیابینیەکی ڕوون و ئاشکرات نەبێ بۆی،لە هەستێکی سادەی نەتەوەیی بەولاوە.

**پ3/ئایا ماددەی ناوزڕاوی 140 دەکرێ ببێتە وەرامی کارەساتی ئانفال و ڕگوێزان و بە عەرەبکرن؟**

و3/ماددەی سەدو چلی دەستوری عێراقی هەمیشەیی تەواوکەری ماددەی پەنجاو هەشتی یاسای ڕاگوزەری ئیدارەدانی عێراقە Transitional Administration Law (TAL) کە یاساکەی سەردەمی ئەنجومەنی حوکم و ئیدارەدانی برێمەردا پەیرەوی دەکرا و پاشان وەک ماددەی (140) لە دەستووره هەمیشەییەکەی عێراقدا جێگیر کرا کە سێ لە سەر چواری خەڵک دەنگیان دایە. ئەم دوو مادەیە هەردوکیان هەر بە مردوویی لەدایکبوون و لەلایەن ئەمەریکاوە چاوڕاو و بێویژدانییەکی زۆری تێدا کرا بەرانبەر بە کورد، کاتێ کەوا فشاری ئەوەی خستە سەر کورد کە سنووری 2003/4/9ی هەرێمی کوردستانە بە سنووری خۆی بزانێ و ئەودوای ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان بخرێتە دەرەوەی هەرێم و بە زۆر پیسەپێنن بەسەر کوردداا کە ناوچەی کێشە لەسەرن disputed areasئەوە دەکرێ قۆناغ بە قۆناغ چارەسەری بکەن و لەئەنجامدا ڕیفراندۆمێک لەو ناوچانەدا ساز بدەن بە شاری کەرکوکیشەوە، کەوا تێیدا ڕێز لە ڕای دانیشتوان بگیرێت و خۆیان بڕیاری هەرچییەکیان دا بەو شێوەیە بکەوێتەوە، بخرێنە سەر هەرێم، وەک هەرێمێکی سەربەخۆین، یان هەر لە سەر عێراقە بمێننەوە. ئەمە لەلایەن کوردەوە بە نیازپاکی کەوتەوە و بەتەمابوو لەم سیاسەتکردنەیدا گرەو بباتەوە و سووک و ئاسان خەڵکی کوردو غەیرە کوردی ئەم ناوچانە دەنگی بۆ بدەن و لە سەر سینییەکی زێڕین بیخەنەوە سەر سفرەی هەرێمەکەی، کەچی کار پێچەوانە کەوتەوەو تێکڕا وەزارەتە یەک لە دوای یەکەکانی عەلاوی و جەعفەری و مالیکی نەک هەر هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێیان نەکرد بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ گرفت و قۆرتیان خستەبەرو سیاسەتێکی پڕ فێڵ و تەڵەکەو ساختەکارییان بەرانبەر پەیرەوی کرد و تا ئێستاش، کە ماوەی قۆناخبەندییەکەشی بەسەرچووە، هەرجێبەجێ نەکراوەو بەم میکانیزمەش قەت جێبەجێ ناکرێت. کورد و سەرکردەکانی لە مامەڵە کردنی ئەم کەیسەدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، لەڕووی نیازپاکییەوە، لەگەڵ شێخ مەحمود و نزیکەی سەدەیەک لەمەوپێشی کوددا، کاتێ کە ئەو پیاوە قارەمانە بەوپەڕی سەربەرزیی زەمان و سەردەمی خۆیەوە و پاش دیلکردنی لە شەڕی بازیاندا (ساڵی 1919) هەر چواردە بەندەکەی ویڵسنی لەمەڕ مافی گەلانی بەشخوراو لە سەر پەڕەیەکی قورئان نووسراوە بە بازیبەندێک لە باڵی خۆی بەستبوو لە کاتی دادگایی کردنیدا لە کەرکوک لەلایەن ئینگلیزەوە بەوپەڕی دڵپاکییەوە وتبووی لەپێناوی ئەم بەندانەی مافی گەلاندا لەگەڵ ئێوە شەڕم کرد.

باشە ئەو دەمە گەلێ لە سەرکردەو خەباتگێڕی گەلان بەو بەندانە فریویان خوارد و چەشنی شێخ مەحمود لە کون و کەلەبەری سیاسەتی دووفاقی هێزە ئیمپریالیستەکان تێنەگەیشتن و لەوەشدا هەقیان بوو وابکەن. من تێناگەم ئەی بۆچی نزیکەی سەد ساڵی دواتر، سەد ساڵی پڕ لە داگیرکاری و ئەزموون کردنی تاڵ لەگەڵ داگیرکەران و دەستوپێوەندەکانیان کە مامەڵەیان لەگەڵ کورد و کێشە ڕەواکەی گەیاندە ئاستی ڕەشەکوژی و جینۆساید بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان. چۆن وا خۆشباوەڕی سەریان بۆ پرۆسەیەکی پڕ ساختە لەقاند و پاش گۆڕینی ڕژێم لە 2003 دا ماڵی خۆیان خستە بەر سات و سەودای ئەمەریکاو هەمان ئەو ئەقڵییەتە ناسیۆلیستی و ئاینییەی کوردی بە ئەنفال و هەڵەبجە گەیاند، هەرچەندە ناوو دەموچاوەکان گۆڕابوو، لەکاتێکدا کەوا پێگەی کورد لەوپەڕی هێزو توانای خۆیدا بوو، لەکاتێکدا کەوا ناسیۆلیستی عەرەب و هاوشێوەکانی لەوپەڕی شکست و نوشستیدا بوو و گەلانی عێراقی تووشی ئەوپەڕی نەهامەتی و نائومێدی کردبوو. لەکاتێکدا کە ئەقڵییەتی سەرکردە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا تەنها سڵی لە لۆجیکی زەبر و هێز دەکردەوە، کە بەرەی بە ناو (موقاوەمەی) پاشماوەی بەعس و قاعیدە گورزیان لێدەوەشاند و لەگەڵێ شوێنی عێراق ناچاری پاشەکشەو شەلم کوێرم ناپارێزمیان دەکرد، لەکاتێکدا کەوا کورد خۆی لە خانەقیندا هەڵوێستێکی پێچەوانەی نواند و تیایشدا سەرکەوتوو بوو، کەچی لە کەرکووکدا کەوا خاڵی یەکلاکەرەوەی ململانێیە تائێستاش پابەندی فشارو ئیرادەی ئەمەریکا بوو بەوپەڕی متمانەو دڵپاکییەوە، لەکاتێکدا کەوا سیاسەت کردن وادەخوازێت هەلومەرجی خۆت بسەپێنی لە کات و دەرفەتی گونجاودا بەتایبەتی کە سوور بزانیت هەقە بەلای تۆوەیەو بەدرێژایی دەیان ساڵ غەدرت لێکراوە و مافت پێشێل کراوە.

دواتر دەبێ ئەوەش بزانین کەوا ئیدارەدانی ململانێ و بەتایبەتی ململانێی حیزبی دەسەڵاتی کوردی لەو ناوچانەدا لەوپەڕی ناشارستانیدا بوو بە ئێستاشەوە زۆربەی خەڵکی کورد و دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەتایبەتی باش لەم حاڵەتە گەیشتوون و بووەتە نموونەیەکی ناشیرین لەلایان، بەتایبەتیش لێرە بێجگە لە گرووپی ئیتنیکی و ئاین و مەزهەبی جیاجیای تێدایە و ئەم بارودۆخەی کورد و ململانێی حیزبەکانی نموونەیەکی ئیدارەدانی سەرکەوتووی نەدانێ، پاشتر ئەم گرووپانە و لە ئەنجامی نارێکی کردەوەکانی کورد خۆیدا بوون بە دەسکەلاو داردەستی حیزب و لایەنەکانی شۆڤێنیتی عەرەب بە حیزبە

ناسیۆلیستی و ئاینییەکانەوە کە بەهەمان ڕەفتارو ئەقڵییەتی پان عەرەبیزم مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسەدا دەکەن لە غیابی حیزب و گرووپە نیشتمانی و دیموکراسیەکانی عێراقدا، کە خۆیان لە بنەڕەتدا لاواز بوون یان لاواز کرابوون بەدرێژایی سەردەمی دیکتاتۆری پڕ لە زەبرو زەنگی بەعسدا. ئەوە بێجگە لە هەژموونی حیزبە ئاینی و ئائیفیەکان بە سەر سیاسەت کردن لە عێراقدا و ئەمانەش لە ناوەڕۆکدا وابەستەی ئەجێندای وڵاتانی دەوروبەری عێراقە نموونەی بەرجەستەکردنی سیاسەتی کۆنەپەرستانەن لە ناوچەکەدا. بێگومان سەقامگیر نەبوونی دیموکراسی لە ژیانی سیاسیداو پابەند بوونی حیزبە ئاینییە حوکمڕانەکان بەئەجێندای دەرەکییەوە و هاوبۆچوون و هاوڕەفتارییان لەگەڵ حیزب و تەوژمی ناسیۆلیستی و شۆڤێنیستی عەرەبیدا لەلایەک و کەمتەرخەمی و نەبوونی هەماهەنگی پێویست و یەکهەڵوێستی لای حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کورد جێبەجێ نەکردن و فەرامۆش کردنی ئەم ماددەیەی لێکەوتەوە من پێموایە دەبوو هەر لە سەرەتاوە کورد بەجێگیر کردنی ئەم ماددەیە ڕازی نەبوایە لە دەستوردا و لەبری ئەوە بیر لەمیکانیزمێکی تر بکرایەتەوە بۆ ساغکردنەوەی ناوچە بەناو کێشە لەسەرەکان و هەرگیز کورد ملی بە لایەنی ئەمەریکی و عێراقی نەدایە ئەم ناوچە دابڕاوانە بە ناوچەی کێشە لەسەر لەقەڵەم بدرایە و دەبوو هەڵوێستی ڕەق و سەختگیرانەی بگرتایەتەبەر لەم مەسەلەیەدا و هەرگیز ڕازی نەبوایە هیچ لایەک موزایەدەو سازش بکات لەم ڕووەوە. دەرئەنجام ئێستاش کورد گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کەوا لە جێبەجێکردنی مادیی (140) دا تەنها ئاسنی سارد دەکوتێ و مامەڵە لەگەڵ هەمان ئەو ئەقڵیەت و ڕەفتارە دەکات کەوا کوردیان بەجینۆساید گەیاندو دۆزینەوەی چارەسەرو میکانیزمێکی تر زۆر پێویستە، بەڵام ئەمجارەیان دوور لە سازش و ئەمەشیان هەرگیز نایەتە دی ئەگەر کورد و سەرکردەکانی کورد و حیزبەکانی کورد مەسەلەی گەل و نەتەوە نەکەنە ئامانجی سەرەکی، دوور لە بازرگانی و ململانێ و یەکتر خواردن، دەنا کار وابڕوات بەشێکی تری ئەم هەرێمەش کە ئێستا لە بندەستی حیزبی کوریدایە لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا دەبێتەوە "ناوچەی کێشە لەسەر" یان لەباشترین حاڵەتدا دەبێتەوە بە "ناوچەکەکانی دەرەوەی هەرێم."!

پ4/پەشێوی شاعیر دەڵێ: 182 هەزار کەسی ئەنفالکراو ،دانیشتوانی وڵاتێکە، هەڵەبجەو شەهیدانی و هەزارانی دیکەو لە ئاکامی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی منداڵ بەشێواوی لەدایک دەبێ، کورد خۆی چی بۆ ئەم قوربانیانە کردووە؟

و4/ بەداخێکی قوڵەوە دەڵێم "هیچ!"

**پ5/ جیاوازی لە نێوان عەقڵیەتی کورد جوولەکە چیە؟**

و5/ هەرکەس ئەم پرسیارەی لێبکرێت نازانێت لە کوێوە وەڵامەکەی دەست پێبکات، منیش هەر وام و لە خۆم دەپرسم ئاخۆ لە کوێوە دەست پێبکەم. ئەم بەراوردە زۆر قورسە لە هەموو ڕوویەکەوە، مێژووی نووسراوو دوکیۆمێنت کراو، فەرهەنگ، دیاسپۆرای جوولەکەو کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوەکانی جوولەکە لە دنیادا، پیشەگەری و بازرگانی و کۆنترۆڵ کردنی بەشێکی بەرچاوی دارایی جیهان، هێرتزل و کۆنگرەی جیهانی جوولەکە، بەڵێنی بلفۆر بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ـ ئاینی جوولەکە، هۆڵۆکۆست کە نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکە جینۆساید کران لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا، دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی (1948) و جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی لەگەڵ عەرەبدا، مەسەلەی ئاینی یەهوودی و ڕەگی قووڵی لە مێژوودا و پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل و تاد...

ئەمانە و دەیان وێستگە لە مێژوو و پێکهاتە و فەرهەنگی جوولەکە، کەوا ئەقڵیەت و فەرهەنگێکی تایبەت و جیاکاری پێکهێناوە کە تەواو جیاوازە لەو ئەقڵیەت و فەرهەنگ و مێژووەی کوردی لێ پێکهاتووە و بگرە جیاوازیشە لە فەرهەنگ و مێژووی سەرجەمی گەلانی سەر زەوی. خەڵکی کوردی بە درێژایی مێژوو ژێردەستەی ئەم ئیمپراتۆریەت و ئەو دەوڵەت بووە و میللەتێکی فەرهەنگ شوانکارە و جووتیاری و مەحکووم بەوەی بەردەوام لە کۆچدا بووبێت و ماڵی بەکۆڵەوە بێت بێگومان ئەقڵیەتی زادەی ئەو فەرهەنگەیە و ئەو قۆرت و کارەساتانەش کەوا لە مێژوودا تووشی هاتووە گەلێکیان زادەی ئەو فەرهەنگ و ئەقڵیەتەیە، ئێمە لەگەڵ جوولەکەدا هاودەردیەکمان هەیە ئەویش مەسەلەی جینۆسایدە، کورد لەسەر دەستی ناسیۆنالیستی عەرەب لە عێراقدا کە لە حیزبی بەعسدا بەرجەستە بوو، جوولەکەش لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیادا و لە (1933 ـ 1945) ، کەوا نزیکەی شەش ملیۆنیان لێ قڕکرا، لە پرۆسەی هۆڵۆکۆستدا و پاشان توانییان زۆر بە باشی بەکاری بێنن بۆ بەرژەوەندی میللەتی جوولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیلیشی لە سەر دروووست بکەن و تا ئێستاش

هاوسۆزییەکی زۆری گەلان و وڵاتانی دنیا بۆ خۆیان ڕابکێشن و هەموو دنیا تێبگەیەنن لە وردودرشتی جینۆسایدەکەیان بەتایبەتی وڵاتانی زلهێز و کاریگەر و ئەگەریش هەرکەس و لایەک نکوولی و گومانی لە هۆلۆکۆست کرد بەرەوڕووی یاسا دەبێتەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئێستا هۆلۆکۆست هیند ئاشنایە بە دنیا کە باوەڕ ناکەم هیچ کەس و لایەنێک هەبێت لە سەر ئەم گۆی زەوییە شتێکی لەبارەوە نەزانێت و سۆزێکی نەبێت بۆی، ئێستا لە ئینتەرنێتدا بە زۆربەی زمانەکانی دنیا تەنها وشەی (هۆلۆکۆست) لێبدە و بە لێشاو زانیاری وەردەگریت لە سەر قەتڵ و عام و جینۆسایدی جوولەکەو هەر هەمووشی بە وێنەو دوکیومێنتەوە ئێستاش ساڵانە سەدان کتێب و فیلم و کاری هونەری و مێژوویی لە سەر هۆلۆکۆست دەردەچێت و بە باس و بەڵگەی زانستی بۆت دەسەلمێنێت چییان بەسەرهاتووە و چیشی لەسەر دروست دەکەن. کەواتە بیخەرە بەرچاوی خۆت چ ئەقڵییەتێک لە پشت ئەم میکانیزمەی کارکردنەوەیە و چ پلانێک کار بۆ ئەم دەریایەی کاری تۆکمەو زانستی دەکات و بەراوردێک لە مێشکی خۆتدا بکە ئێمەی کورد چۆن مامەڵە دەکەین لەم کەیسەماندا و چیمان لە سەر دروستکردووە و چۆن نائومێدییەک بەرەوڕوومان دەبێتەوە و چەند لە ئاستیدا بە خەمێکی زۆرەوە هەناسەی سارد هەڵدەکێشین.

لێرەدا حەزدەکەم تەنها باسی یەک دوو نموونە بکەم لەوەی کە بە چاوی خۆم بینیومە جوولەکە چ ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان هەیەو چۆن مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگ و مێژوویاندا دەکەن:

هاوینی ئەمساڵ (2013) چوومە هۆڵەندا و بە خولیاو پەڕۆشییەکی زۆرەوە لەگەڵ کاک سەردار فەتاحی خانەخوێمدا، کە دانیشتووی شاری ئەمستردامە، چووینە سەردانی مۆزەخانەی مێژووی جوولەکەکانی هۆڵەندا و شاری ئەمستردام بەتایبەتی و لەوێ تەماشای وردو درشتی ئەو مێژووە و کەسایەتیەکانی جوولەکە لە ساڵانی 1600 کانەوە بە وێنەو دوکیومێنت پارێزراوە بە کەرەستەی ژیان و گوزەرانی ئەو سەردەمانەوە، من لەئاست ئەو وردەکارییە و پۆلێن کردنی زانستیانەی هەموو شتێک بەجارێ سەرسام بووم و نەمدەزانی بڵێم چی! هەر لە ئەمستردام ڕۆژێکی تر چوومە ماڵی ئانا فرانک کەوا کیژۆڵەیەکی جوولەکەی چواردە پانزە ساڵان بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی لە ترسی نازییەکان ماوەی نزیکەی چوار ساڵێک لەم خانووەدا خۆیان دەشارنەوەو پاشان دەگەڕێن و دەبرێنە کەمپەکانی کۆکردنەوە و لەناوبردنی جوولەکەکان و لەوێ لەناویان دەبەن. ئەم کیژۆڵەیە لەو حەشارگەیەدا ڕۆژانە یاداشتی خۆی دەنووسێتەوە کە ئێستا پاش دەرباز کردنی دەسنووسەکەی بووەتە کتێبێکی زۆر دانسقە و دەگمەن بە زۆربەی زمانەکانی جیهان. ئەم شوێنە بەردەوام هەر چوار وەرزی ساڵ لە کاتی دەوامدا خەڵکێکی زۆر نۆرەیان بۆ گرتووە سەردانی بکەن و من نزیکەی کاتژمێر و نیوێک لە ڕیزی ئاپۆرەی خەڵکە سەرە گرتووەکەدا وەستاوم تا دەرفەتی چوونە ژوورەوەم بەرکەوتووە و لەوێ بەهەمان شێوەی مۆزەخانەکەی پێشوو ورد و درشتی ئەو ژوور و کەرەستانەم بینیوە و سەرم لەو ئەرشیفکارییە سوڕماوە کە چییان بۆ کردووە. ئێستا ئانا فرانک لە سەرانسەری دنیادا ناسراوە و کتێبەکەشی کە یاداشتی ڕۆژانەی ماوەی خۆشاردنەوەکەی بووە لەو ماڵەدا تا دەسگیرکردنی لەلایەن نازیەکانەوە بە زۆربەی زمانەکانی جیهان دەست دەکەوێت.

لە سەردانێکی دواترمدا، لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا بە یاوەری هەردوو دۆستم کاک هەڵۆ بەرزنجەیی و مامۆستا عوسمان کە دانیشتووی ئەو شارەن سەردانی مۆزەخانەی جوولەکەم کرد لەوێ و مرۆڤ لە ئاست وردەکاریی گێڕانەوەی دەسگیرکردن و ئاوارەکردن و بەندکردنی جوولەکەکانی ئەڵمانیا و ناردنیان بۆ کەمپەکانی کۆکردنەوەو لەناوبردن، سەری سوڕدەمێنێت و باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک هەبێت تۆزێک ویژدانی بجووڵێت و ئەو مەرگەساتە لەو مۆزەخانەیەدا ببینێت، تەواوی هەست و هەڵوێستی بە لای ئەو قوربانیانەدا دانەشکێنێت و نەفرەت لە نازییەکانی ئەڵمانیا نەکات بۆ ئەو تاوانە سامناکانەی ئەنجامیان داوە. لێرەدا دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە کەوا ئەگەر ئەقڵیەتێکی ژیر و ورد نەبێت لە پشت ڕێَکخستن و سازدانی مۆزەخانەیەکی لەم چەشنەوە تۆ بڵێی هەر لە خۆوە بە سەرپێی رسکابێت. ئەڵبەتە جوولەکە لە لە زۆربەی وڵاتان و کیشوەرەکانی جیهاندا زیاد لە 100 مۆزەخانەی هۆڵۆکۆستیان هەیە و زۆر بە وردی و دوکیۆمێنتاریەوە مامەڵە لەگەڵ کەیسی جینۆسایدیاندا دەکەن ئەگەر تۆ سەردانی هەر سایتێکی هۆڵۆکۆست بکەیت لە ئینتەرنێتدا کاتێکی زۆرت دەوێت بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوە چونکە زانیاریی زۆری تێدایە. بۆ نموونە مۆزەخانەی یاد ڤاشیم Yad Vashemلە شاری قودس تەنها هەر مۆزەخانە نیە بەڵکو دامەزراوەیەکی گەورەیە بێجگە لە شێوازی دیزاینی بیناکەی و نمایش کردنی کەرەستەکانی کە پەیوەندیدارە بە هۆڵۆکۆستەوە، کەوا گەلێکیان زیندوون لە چەشنی وتاردانەکانی هیتلەر

و سەرانی نازی دژ بە جوولەکە، ئەم دەزگایە سالآنە چەندین خولی کۆرس و ڕاهێنان ساز دەکات بۆ قوتابیانی چین و توێژەکانی خەڵک لە ناوەو و دەرەوەی ئیسرائیل و گەلێک شتی تر، کە لێرەدا من چەند خاڵێکی کەمی لێ باس دەکەم:

1- ئەم دەزگایە ساڵی 1953 بە یاسایەکی کنێستی ئیسرائیلی دروستکراوە و چەند شوێنێکی پێ کراوە تا دواجار بینایەکی تایبەتمەندی بۆ کراوە لە سەر ڕووبەری 180 هەزار مەتری چوار گۆشە کەوا کۆمەڵێک مۆزەخانەو ئینیستیتیوت و پێشانگە لەخۆ دەگرێت.

2- 112هەزار کتێب و گۆڤاری پەیوەندیداری بە هۆڵۆکۆستی تێدایە.

3- 68ملیۆن بەڵگەنامەی مێژوویی پەیوەست بە هۆڵۆکۆستی تێدایە، کە تێکڕا دەگەنە 138 ملیۆن لاپەڕە.

4- 400هەزار وێنەی تێدایە.

5- 10هۆڵی پێشانگای تێدایە، کە هەر یەکەیان تەرخانە بۆ بەشێکی مێژووی هۆڵۆکۆست.

6- بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی ئیسرائیل و ئەو جوولەکانەشی لە دەرەوەن دادەنێت.

7- 21ملیۆن لاپەڕە لە شایەتی شایەتحاڵەکانی تێدایە .

8- پارێزگاری لە ناوی شەش ملیۆن جوولەکەی قوربانی دەکات، بەردەوام کۆنگرە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تێدایە.

9- سالآنە یەک ملیۆن کەس سەردانی دەکەن (بە پارەیەکی دیاریکراو.(

10- سالآنە نزیکەی 180 هەزار قوتابی زانکۆ و مەکتەبەکانی ئەو ولآتە و دەرەوە کۆرسی خۆێندنی تایبەتیان هەیە لێرە، بیًَجگە لە نزیکەی 50 هەزار سەرباز.

11- تا ئێستا 2.2 ملیۆن شایەتی تێدا کۆکراوەتەوە.

12- تا ئێستا 23 هەزار غەیرە جوولەکە لەم دەزگایەوە ڕێزیان لێنراوە، لەوانەی کاتی خۆی جوولەکەیان لەدەست نازییەکان ڕزگار کردووە. بەوانە دەوترێت (پیاوچاکانی میللەتانی تر Righteous of the Nations .